

# هونەری تۆقاندن

ناسینەوەی خود، سەرەتای دەستپێکردنی زانینە.

"فەلسەفەی ئەنتیکی یۆنانیی"

پۆلا سەعید

گەورەیی لە بچووکییدایە، مرۆڤی گردگنیش وادەزانێت چەند پاڵ بە کێلی پیاوی گەورەوە بدات ئەوەندەش گەورە دەبێت. بۆیە ئەو بە بەردەوامیی لووتبەرزیی پەسەند دەکات. تێکشکانی کۆمپلێکسانەی خەڵکانی دەروون نەخۆش تووشی پەلەقاژەی هۆشیان دەکات، بەشێوەیەک نەتوانن جیاوازیی لە نێوانی لۆگیک و هەڵەشەییدا بکەن. ئەوان هێندە نەخۆشن لە دەروونداکە پێیان وایە تەنها نیشاندانی هێزی باسک و بازوو و تفەنگ و کورسیی خەڵکانی دەستەڵاتدار، گردگن بوونیان لە کۆمەڵدا دەشارێتەوە. پێیان وایە پاڵدان بە کێلی پیاوێکی گەورەوە یان لە شان وەستانی کەسێکی ناودارەوە گەورەیان دەکات. ئیدی گرنگ نییە لە پاڵ کێدا وەستاون گرنگ ئەوەیە خاوەنی دەستەڵات و پارە و کورسیی و چەکدارە. ئەم خەڵکانە کۆی دەیان کەسیان کۆدەبنەوە بەڵام توانای نووسینی رستەیەکی پڕ لۆگیک و رێکیان نییە. بۆیە نابووتانە لە ئەپستمی لێکدانەوە و رەخنە دێنە مەیدانی بەرانبەرێنی پێنووسەوە، چونکە فێری ململانێی پێنووسیش نین هەر زوو وەک کەڵەشێری بەزیوو بە کووچە و کۆڵانەکانی خۆ حەشاردانداهەڵدێن. ئەمانە چونکە قووتابی بەعسن، کە دەڵێین بەعس مەرج نییە ئەو مرۆڤە بەعسیی بووبێت، بەڵکوو لەژێر کاریگەرێتیی ئایدیۆلۆژیەتی بەعسدا خۆی پەروەردەکردووە. ئەوی رۆژێک لە رۆژان بەعس بە گەلی کوردی کردبێت و مەرامەکانی خۆی لەگەڵدا هێنابێتە ئیدی ئەمان لەناو ریزەکانی رێکخستن و هێزی پێشمەرگە و تەنانەت لەناو شەقامەکانی کوردیشدا بەکاری دەهێنن. ئەمان چونکە لەژێر کارای ئاییندا وانەکانی تابوویان خوێندووە ناتوانن لە خانەی لۆگیکەکانی هزردا جێگای خۆیان بکەنەوە، بۆیە بە بەردەوامیی چەکی ئایدیۆلۆژیەتێکی زاڵی بەعسییانە و سەنگەرێکی تابوویانەی پووچەڵ لە تاکی یاخیی کورد دەگرن. خۆ ئەگەر ئیمرۆ هەلومەرجەکە لەبۆیان دەرەخسا ئەوا بە دڵنیاییەوە رۆژانە دەیان بەکر عەلییان گەشمردە دەکرد. بەڵام دەزانن ئیمرۆ بە رژانی خوێن ئاشەکەیان لە گەڕ دەکەوێت، ئیدی سیستێمێکی نوێیان هێناوەتە ئاراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەنگی دژ و سەکۆی رەخنەی شەقامی کوردیی. چەک چەکی قسە هەڵبەستن و چەکی جوێن و چەکی بووختان و چەکی فشاری نارەوایە بۆسەر رووناکبیری ئیمرۆی کورد. خۆ ئەگەر بۆیان بلوێت ئەوا بە دڵنیاییەوە ئامادەی ئەوەن بەعس ئاسا خوشک و دایک و براکانیشمان لە کونجی زیندان بکەن. بە هەموو تەمەنی بەعس رۆژێک لە رۆژان بەعس نەهات لەسەر یەکێک لە برا پێشمەرگەکانم یان لەسەر باوکم، دایکم بەرەو زیندان بەرن، دیارە دەستی ناشریین بۆ هەموومان درێژکراوە بەڵام هیچ کەسێکمان لەبری کەسێکی ترمان بۆ توونی بابای بەعسییان راپێچ نەکراوە. مەخابن دەستەڵاتی زاڵی کورد لە 1996 دا کردی. بنکەی پۆلیسی ئیسکان کە جێگای کەسانی تاوانبار و خەتاکار بوو، ژنێکی قارەمانی کوردیشی لەخۆگرت، کە دەگمەن پێشمەرگەی تێکرای

لایەنەکان هەبووە نانی دەستی ئەو ژنەی نەخواردبێت. دەگمەن پێشمەرگەی لایەنێک هەبووە دەمانچە و کیفی تاقم و تفەنگی بە بەرۆکی ئەو ژنەوە پێ نەگەیشتبێت. هەربژیی کورد هەربژیی دەستەڵاتی زاڵی کورد. ئیمڕۆ ئێمە وڵات فرۆشین و ئێوەش جەربەزە و نەبەز. ئیمڕۆ ئێمە ڕاکردووین و ئێوەش قارەمانەکانی دوای خەمی هەرەس. ئێوە لە بەعسەوە فێربوون بڵێن ئەوی لەگەڵمان نەبێت دوژمنمانە. ئێوە چۆن دەتوانن لەناو کۆمەڵگایەکی تسیڤیلدا جێگای خۆتان بکەنەوە. زمانی ئێوە زمانی تۆقانە ڕەوشتی ئێوە ڕەوشتی بکووژانە. ئێوە لەناو ڕیزەکانتاندا لە بوونتانەوە هەتا ئێستا لانەی بەعسیی و خەڵکانی خۆفرۆش بوون، هەمووکاتێک بۆ تۆقاندنی ئەم خەڵکانەش چەکێکتان بەکارهێناوە، کە بەعسمەرگەکانی پێ بتۆقێنن، ئەویش ئاشکراکردنی پاشەڵی پیسی ئەو خەڵکانە بووە، هەربۆیە ئەو کورتە بنانەش زوو فسیانداوەتەوە و قوڕوقەپیان لە داواکانیانکردووە. ئەوە نییە لە سەرکردایەتیی و مەکتەبی سیاسییتاندا خاوەنی چەندیین تاسەلێسی وەهان. تۆیەکی بچووکی نەخوێندەواری دەروێش توانای بەرەنگاربوونەوەت نییە، هێشتا زمانی لۆگیکت نەگرتووە شەڕی پێنووس کوا بە تۆ دەکرێت، ئاخر بۆیە وا بۆ ساڵێک دەچێت کۆڵان بە کۆڵانی پاڵتۆڵک و دامودەزگاکانی دەستەڵاتێکی زاڵ نەماوە نەگەڕێیت بۆ شکاندنی پەنجەرەی بەرهەتاوی من. ئێخەی دۆستێک دوژمنێک ناسیاوێک خوێنەرێک نەما نەیگریت بۆ لیتاوییکردنی چامەی سپیی بێگەردی من. ئێمە بە سەربەرزییەوە ژەمێک تێر و "دە" ژەم برسیی بووین بۆ کوردمان کرد نەگ بۆ دەستەڵات، ئێمە بە شانازییەوە سەری بڵندمان بۆ دامودەزگاکانی بەعس شۆڕ نەکرد بۆ ئازادییمان کرد نەگ بۆ تەرزەی دیناری وەک نوقوڵی بەرات. تەنەکەی خۆڵەکەی ماڵی ئێمە ئێستاش بە چوار ڕۆژ جارێک نارێژرێت بەڵام هی ئێوە هەموو بەرەبەیانێک وەک شەهوەتی سەرسینەی سۆزانییەکانی شار دەرێژرێت. لە خەونی کێدا بوو بەعسێک بەو توانایەی خۆیەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک باڵەخانەی گڵی چەپەرێک لە چاوترووکانێکدا دارمێت؟! بەڵام لە خەونی مندا هەیە لەژێر سایەی کەسانی نەخوێندەواری وەک تۆدا دەیان یەکێتیی نیشتیمانیی و پارتی دیموکراتیش ڕسوابکرێت. تۆیەکی بچکۆلانە بە کوردایەتی فرۆشتن بە کوردی دەرەوەی وڵات ڕێگای دۆلارت گرتەبەر نەگ کوردستان، چونکە دەیانی وەک تۆ هەوای پارچە زەویی هەزار مەتریی و دۆلار لێیدابوون نەگ کوردستان، بۆیە ڕێگای گەرانەوەیان گرتەبەر. تۆیەکی نەخوێندەوار ئەگەر پارتێک خاوەنی تۆزقاڵەزەڕڕەیەک لۆگیک بێت ناتکاتە لێپرسراوی شانەیەکیش نەگ کارگێڕی مەڵبەندێک. تۆ بڕۆ لە ئاوێنەدا تەماشایەکی خۆت بکە ئەوسا بزانە ئاستی کارگێڕیی مەڵبەند چییە کە تۆ داوای دەکەیت! قوڕبەسەر ئەو گەلەی خەڵکانی وەک تۆ سیاسەتمەندارێتی.

05.09.04